# ئەم کۆدەنگییە دژی قەتەر
# لە کوێوە هات؟



**حەسەن منێمنە**

**وەزیرێکی پێشووی لوبنان**

FOCUS

ئایا گونجاوە قەتەر بە پاڵپشتی کردنی تیرۆر تۆمەتبار بکرێت؟ بەڵێ بە دڵنیاییەوە، بەڵام لەگەڵ هۆشداریدان بەوەی کە ئەو پێوەرەی لێرەدا ڕێگە دەدات بە جێگیرکردنی تۆمەتەکە دەدات، هەروەك ڕێگەش دەدات بە ئاراستەکردنی تۆمەت بۆ هەریەکە لە شانشینی سعودیە، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، میسر، بە دڵنیاییەوە ئێران و تورکیاو ڕوسیاو تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش. بەو پێیەش کە هێشتا پێناسەکردنی ئیرۆریزم مەسەلەیەکی ئەحلاقیە، بۆیە هەر حکومەتێك کە یارمەتی و کۆمەك پێشکەشی لایەنێکی ناحکومی بکات لە

دەرەوەی وڵاتەکەی هەمیشە بۆی هەیە تۆمەتبار بکرێت بە پشتیوانی کردن و کۆمەك کردنی تیرۆر لە رووی داراییەوە، بەڵام ئەمە مانای وا نییە کە سەرجەم تۆمەتەکان ڕاست بن. ئەو تۆمەتەی ئاڕاستەی قەتەر کراوە لەسەر هیچی نەبوو دروست نەبووە. ناکۆکیەکی قووڵ لە نێوان قەتەر لەلایەك و هەریەك لە عەرەبستانی سعودی و ئیماراتی عەرەبی لە لایەکی ترەوە هەیە سەبارەت بە پرسی تیرۆر، ئەمەش سێ رووی هەیە: پێناسەکەی، چۆنێتی چارەسەرکردنی و مامەڵەکردن لەگەڵی، پێکەوە گونجان لەگەڵ ئێران.

هیچ کۆدەنگیەك لە نێوان دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو نییە لە بارەی ئەو دەرهاویشتانەی، کە دەبنە خۆشکردنی زەمینە بۆ پێناسە کردنی تیرۆرو دیاریکردنی. قەتەر نەرمترە لە ئاڕاستەکردنی تۆمەت لە دژی هێزو ڕەوتە ئیسلامییەکان، بەڵام سعودیەو ئیمارات زیاتر توندن لە ئاڕاستەکردنی تۆمەتەکاندا. قەتەر بە کردەیی پشتی بەستووە بە جیاکردنەوەی نێوان تێزە ئیسلامیە سیاسییەکان، واتا ئەو فۆرمە سازانیەی کە بەستراوە بە نیشاندانی ڕازیبوون بەو ڕژێمانەی هەن و نێوان بانگەشەکردن بۆ پێکهێنانێکی سیاسی – کۆمەڵایەتی دروستبوو لەسەر تێگەیشتنی لە دین لەلایەك، هەروەها لە نێوان ئەو ئاراستە ئیسلامییانەی کە بە شێوەیەکی ڕەها کۆی ئەو سیستمە سیاسیە ڕەتدەکاتەوە کە بوونی هەیە، بە فۆرمە لۆکاڵیەکەی بێت یان بە پێگە جیهانیەکەی، لە کاتێکدا هەوڵدەدات بیگۆڕێت بە سیستمێکی دیکەی توندو زۆردار، کە بناغەکەی لەسەر گوێڕایەڵی و ملکەچبوون بە ناوی دینەوە دروست دەبێت، لە لایەکی ترەوە. جیاکردنەوەی نێوان ئەم دوو تاقمە پاساوی خۆی هەیە لە رووی جیاوازییان لە مەنهەجدا، هەرچەندە هەندێك خاڵی هاوبەشیان هەیە سەبارەت بە پێکهاتنیان لە رووی ئامانج و تەواوکاری لە نێوانیاندا سەرەڕای کێڕڤی دڕدۆنگی و ناکۆکیان، بەڵکو دەکرێت تێزە ئیسلامییە سیاسییەکان تۆمەتبار بکرێن بەوەی کە بە تەنها بوونەتە ڕێڕەوێکی تیۆری و پراکتیکی و ئاڕاستە وەرگرتن بەرەو تێزە توندو داخراوەکان. هەمیشە ئیمارات لە دڵەڕاوکێدا بووە لە

**هیچ کۆدەنگیەك لە نێوان دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو نییە لە بارەی ئەو دەرهاویشتانەی، کە دەبنە خۆشکردنی زەمینە بۆ پێناسە کردنی تیرۆرو دیاریکردنی، قەتەر نەرمترە لە ئاڕاستەکردنی تۆمەت لە دژی هێزو ڕەوتە ئیسلامییەکان**

هەمبەر بوونی هەر جیاوازییەك لە نێوان هەردوو تاقمەکە، لە کاتێکدا هەڵوێستی شانشینی سعودیە لە سەرەتاوە لێبڕاوانە نەبوو، پێشئەوەی رووبکاتە خۆگونجاندن لەگەڵ هەڵوێستی ئیمارات.لەگەڵ هەڵگیرسانی بەهاری عەرەبی ئیتر جیاوای لە دیدو بۆچوونەکاندا لە هەمبەر بیرۆکەو تێزە سیاسییە ئیسلامییەکاندا وەك بابەتێکی تیۆری نەمایەوە، بەڵکو بووە بابەتێکی گەرمی خاوەن کاریگەرێتی پراکتیکی بەرجەستە. لەبەر ئەوەی قەتەر پشتیوانی ئەو گروپ و ڕێکخراوانەی دەکرد، کە لەو وڵاتانەی شەپۆلی بەهاری عەرەبی گرتیەوە سەریانهەڵداو پێیوابوو ئەوانە بوونەتە ئەڵتەرناتیڤێکی باشترو لە توانایاندایە سەقامگیر بەدی بێنن و ڕێگە نەدەن توندڕەوی جەماوەری ڕاپەڕیو کەمەندکێش بکات، بۆیە پشتیوانی لێکردن و لە ئامێزی گرتن. لە بەرامبەردا هەریەکە لە ئیماراتی عەرەبی و شانشینی سعودیە لە ترسی ئەو شەعبەوییەتەی، کە گوتاری ئیخوان موسلمینی پێ ناسراوەو بۆتە جێی نیگەرانی لەسەر

ئاستی ناوخۆو لە ناوچەکەش، ڕویکرۆتە هاوکاریکردنی ماددی بەرچاوی گروپە موحافیزکارەکان، کە ڕێـڕەوی سەلەفییان گرتووە، واتە نزیکترە لەو هێڵەی کە دامـەزراوەی دینی لە سعودیە پێوەی پابەندە.

سـعـودیـەو ئـیـمارات هەوڵیاندا بـە ئـاراسـتـەی دووبـارە دروسـتـکـردنـەوەی ئـەو سیستمی دەسـەڵاتـداریـتـیـەی، کە بزووتنەوەکان هەوڵیاندا بیانڕوخێنن. کەسانێك هەبوون شانازییان دەکـرد، کە ئەبوزەبی «پایەتەختی دژە شۆڕشە». هەوڵە ناهاوسەنگەکانی ئەم سێ هاوبەشە کەنداوییە، لە پاڵ خۆدانانی تورکیا لەناو ڕێبازی ئەوان و ساغبوونەوەی لەسەر ئەو هێڵەی کە قەتەر پێوەی پابەند بوو، هۆکار بوو بۆ پاشەکشەکردنی ئەو کێشەو گرفتەی کە لە چوارچێوەی بەهاری عەرەبیدا خرابووە ڕوو بەرەو بەرەنگاربوونەوە لە نێوان دەسەڵاتخوازان و ئیسلامییەکان و هەروەها بووە هۆکاری بەرزبوونەوەی دەنگەکانی چاکسازی مەدەنی، کە ئاگری بزووتنەوەی جەماوەری داگیرساند لەناو گۆڕەپانەکەدا. بەڵام هەڵسەنگاندنی باو بۆ بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە پایەتەختەکانی خۆرئاوا دابەش ببوو لە نێوان هەڵوێستی هەردوو جەمسەری قەتەری - تورکی لەلایەك و نێوان هەڵوێستی سعودیە - ئیمارات لە لایەکی تـرەوە. ئـیـدارەی پێشووی باراك ئۆباما لە دیدو بۆچووی قەتەری - تورکی نزیکتر بوو. سەرەڕای هەبوونی جیاوازی لەسەر پێناسەی تیرۆر، بەڵام قەتەر جیاواز لە هاوبەشەکانی لە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو لە پەیڕەوکردنی «کرانەوە» لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکاندا. هەرچەندە ئامانجەکە گەیشتن بوو بۆ یەکلاییکردنەوەیەکی ناوخۆیی لە گۆڕەپانەکانی ململانێ، یان بۆ ئازادکردنی بەندکراوان و ڕفێندراوەکان، بۆیە قەتەر دەستیوەردا لە چەند سەودایەکی دارایی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییانەدا، کە ناکۆکی لەسەر پۆلێنکردنیان بە تیرۆریستی نییە.

خۆشبەختانە ئەمە پاڵمان دەنێت تا بڵێین کە ئامانج لەو ڕێکارانە گەیشتنە بە دۆزینەوەی چارەسەری خێراو خوازراو، بەڵکو بەشداریکردنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە پەیوەندی وابەستەیی بۆ ڕێکخستنەوەیان، یان تەنانەت بۆ گەیشتن بە کـردنـەوەی گرێکوێرەی تـۆڕە تیرۆریستییەکان. بەڵام خوێندنەوەی گومانی کەمتر بۆی هەیە لەم هەڵسوکەوتانەدا بە تەنها هاوکاریکردنێکی سەرزارەکی تیرۆر ببینرێت. بێگومان قەتەر ستایشی کراو ڕێزی لێگیرا لە دوای سەرکەوتنی ئەو دانوستانانەی کە هەندێك ئەنجامیان بەدەستهێنا، وەك کەمکردنەوەی قەبارەو ئاستی شەڕ لە سوریا یان ڕزگارکردنی ئەو خەڵکەی، کە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان ڕفاندبویان. بەرئەنجامی کۆتایی ئەم هەنگاوانە بە شێوەیەکی کرداریی زیاتر تاوانبارکردنی تیرۆرە. هەڵوێستی ئێستای عەرەبستانی سعودیەو ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو ئەوەیە کە ئەم ئەنجامە، واتە تاوانبارکردنی تیرۆر دەرئەنجامێکی لاوەکی نەبوو، بەڵکو ئامانجێکی بەمەبەست و شاراوە بوو بە ئامانجی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە. هەروەها قەتەر لە سۆنگەی لێکنزیکبوونەوەی لەگەڵ ئێران و میکانیزمی گەرمکردنەوەی پەیوەندییەکانی لە ناوچەکەدا، لوبنان و یەمەن و پێشدەچێت بەحرەین، پشتی بە ڕێـڕەوی کرانەوە و ئاسایی کردنەوەی بەستووە، بۆیە دەوحە ئەو لێکنزیکبوونەوەیە بە سەروەری دەداتە قەڵەم. لە ڕاستیدا حکومەتی ڕیاز کە هاوپەیمانەکانی لە دەوڵەتانی ئیسلامی سودمەند لە کۆمەك و هاوکارییەکانی پابەند دەکات بە چەند هەڵوێستێکی توندتر بەرامبەر بە ئێران، توندتر لەو سیاسەتەی کە خۆیان پەیڕەوی دەکەن، بە تایبەتیش ئەو شێوازە پابەندییەی کە هەریەکە لە کوێت و سوڵتاننشینی عومان و تەنانەت ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تاران ، لەبەر چەند هۆکارێکی بازرگانی و دراوسێیەتی نیشانی دەدەن، بەڵام ئەمە بەرئەنجامی داخـوران و نەمانی متمانەیە لە نێوان ڕیازو دەوحـە، بۆیە داواکاری سعودیە لە هەمبەر قەتەر ئەوەیە، کە دەوحە پابەند بێت بە ئەو فۆڕمەی لە بەرامبەر ئێران پەیڕەو دەکرێت لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە کە هاوپەیمانی شانشینی سعودیەن. وتەیەك هەیە لەلایەن ئەو ڕاگەیاندنانەوە دووبـارە دەکرێتەوە، کە

لەلایەن سعودیەوە دەڵێت ناکرێت و نابێت (دەوڵەتۆکەیەك) که دانیشتوانەکەی تەنها (300000) کەسە بەرەنگاری خواستی بەکۆمەڵ ببێتەوە، واتا (هێزی گەورە لەسەر ئاستی ناوچەکەو دەوڵەتانی سەر بە خولگەی سعودیە).

ئەو لۆژیکەی قەتەر لە سەری دەڕوات بەرەو سیاسەتێکی جیاواز لەوەی هەیە، لەوانەیە ڕاستاندنی کارێکی قورس بێت، بەڵام خوێندنەوەی هێڵە پانەکانی شیاوەو دەکرێت. دروستبوونی ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ کودەتای کۆشك لە ساڵی 1996، کە لە دەوری شازادە حەمەد (میری نوێی ئەو کاتەی قەتەر) کۆبوونەوە، کاتێك چەندین کەسایەتی داوای کۆپیەکی هەموارکراوی عەرەبچێتی نەرمیان بە چێژێکی ئیسلامی کرد، هاوکات لەگەڵ پێداگری کردن لەسەر کولتورو ئابوری وەك دوو ئامراز بۆ هەستانەوەو گەشەسەندن. دەرکەوت کە ئەمیری نوێی قەتەر بە پرۆژەیەکی نوێگەری بۆ پێشخستنی قەتەر خۆی بەرجەستە کرد، بۆ ئەوەی وڵاتەکەی بکاتە پێشەنگی هەستانەوەی عەرەبی ئیسلامی هەڵکەوتوو. بەڵام نەرمی نواندن لەو لەقاڵبدانە ئاراستە نایارو ئۆپۆزسیۆنەکانیشی بەلای خۆیدا کەمەندکێش کرد. قەتەر بووە فاکتەرێك بۆ ئاساییکردنەوە لەگەڵ ئیسرائیل، لە کاتێکدا چەند هێزو دەنگێکی دژ بە ئیسرائیلی لە ئامێز کرتووە، جگە لەمەش قەتەر هەوڵیداوە بۆ پێکهێنانی هاوبەشی ماوە درێژ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە کاتێکدا دەستی ئاشتی بۆ ئێران ڕادەکێشێت. لێکدانەوەکان کۆکن لەسەر ئەژمارکردنی ئیخوان موسلمین و تەنانەت کەسێکی وەك عەزمی بشارە، ئەندانی پێشووی کنێستی ئیسرائیلی لە بۆتەی پرۆسەی پێکهێنانی تێڕوانی نوێی دەوڵەتی قەتەر. ناکرێت هیچکام لەم دوو گریمانەیە بەدوور بگیرێت، بەڵام بەبێ خۆڕادەست کردن بۆ زێدەڕۆییەکان. ئەمیر حەمەد بن جاسم بەردەوام بوو لەسەر دەستگرتن بە جڵەوی وردەکارییەکان لە چوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ ئەوەی قەتەر بکاتە هێزێکی ئابوری کاریگەرو بەتوانا لەسەر ئاستی جیهان. بۆ جاری یەکەم ڕاستیەك دەسەلمێت، کە بەهاری عەرەبی وەك هێنانەدی ئەو تێڕوانینەی قەتەر ڕوویدا، بەڵام هەرزوو دەرکەوت کە مەسەلەکە خەیاڵ بوو، چونکە پێشبینی قەتەر ئەوە بوو کە ئیخوان موسلمین بکرێتە فاکتەری گۆڕانکاری پێویست، بەڵام ئەم بۆچوون و پێشبینیە بێئەنجام بوو لەناوچوو، بۆیە دەوحە پەنای برد بۆ بەرگری لەخۆکردن بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە پێگەو دەستکەوتەکانی لە سەرجەم شوێن و گۆڕەپانەکاندا، لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی هەوڵی دەوڵەتە هاوبەشەکانی لە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، کە دەیانەوێت پابەندی بکەن بە دانانی چەند پێوەرێکی کرداریی وەك ئەوەی بۆ بەحرەینی دراوسێی دانـراوە. لە ڕاستیدا بە کـردار دەتوانرێت حوکم لەسەر شکستخواردنی سیاسەتەکانی قەتەر بدرێت، چونکە قەبارەی پاڵپشتی کردنی لە هێزە ئیسلامییەکان لە قەبارەی خۆی گەورەتر کردووەو یارمەتیدەر بووە لە پارچە پارچەکردنی جووڵانەوەکانی بەهاری عەرەبی. هەروەها مامەڵەکردنی قەتەر لەگەڵ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان نەبووەتە هۆی هەڵوەشانی تۆڕە تیرۆریستییەکان، بەڵکو پێچەوانەوەکەی ڕاستە. بەڵام هێڵی کـراوەی دەوحـە بە ئاراستەی تـاران یارمەتیدەر بووە کە بەفیڕۆدانی هەوڵەکانی سنوردارکردنی پـرۆژەی فـراوانخـوازیی ئـێران. ئـەم هەڵسەنگانەو ئەو ڕاستییانەی ناوەڕۆکەکەی دەردەخات هەرگیز ئاساوێك نییە بۆ ئەو هێرشە خێرایەی لەلایەن عەرەبستانی سعودیەو ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو هاوپەیمانەکانیانەوە کرایە سەر دامودەزگاو بەهاکان، لەژێر ناونیشانی دابڕاندنی قەتەر. کۆنگرەی عەرەبی ئیسلامی – ئەمەریکی، کە لە مانگی ئایاری 2017 ڕابردوو لە ڕیاز بەڕێوەچوو دەستکەوتێکی بەرچاوی لە بەرژەوەندی هەڵوێستی سعودیە بەدەستهێنا.

**سەرچاوە: پەیمانگای واشنتۆن**

http://www.washingtoninstitute.org/ar/fikraforum/view/the-gulf-crisis-a-tragic-act-of-self-immolation

iDEA FOUNDATION

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە